# کەسێتیی و بیری رەخنەیی و نەتەوەیی شاعیری کورد

# هەمەنداغای فانی

## نووسینی د. کەمال میراودەلی

## بەشی پێنجەم:

## بیری فە لسەفی و رەخنەیی فانی

1. جیهان : لە ڕوانگەی ڕاستەقینەی ژین و مەرگەوە، جیهان فەزایەکە بۆ پێشکەوتنی مرۆڤزاد.. بەلاّم هەر لەو کاتیشدا دەشێ بلێین کوشتارگەیەکی مرۆڤ و لە ئاکامدا گۆڕستانی بە کۆمەڵی هەر نەوەیەکی مرۆڤە :

بزانە ئەم جیهانەی تۆی لە ناوی
کوشندەی پاکیی ئەبنائی جیهانە

ئەجەل دەگرێ یەخەی شاهو گەدامان
ئەگەر ئەم خەڵکە پاشا یا شوانە
کەوا بێ بۆ بەشەر گەنجی دوو عالەم
لە عالەمدا بەخۆشیی خۆی ژیانە
نەڕێژی وەك نەزانان ئابڕووی خۆت
لە ژینا بەهرە ئەخلاقی جوانە

2. ژیان : ژیان وەکو شتێکی رەها ئەبەدیی نییە، ئەمە بۆشاڵێکی ( بۆشخەیاڵ ـ وەهم) ی مرۆڤە کە بۆخۆی دروستکردووە، ژیان لە ڕێژەی تەمەندا هەیەو هیچی تر ، بۆیە ژیان وەك تەمەن دیاری کراوە، ئەمانەتە لامان ، کاتێکی خواستراوە کە دەبێ بیدەینەوە بە شێوەیەکی ڕەها هیچ کەس لەم دادوەرییەی پێشبڕیارەی دانەوەی قەرزی ژیان بەدەر نییە ، کەس نازانێ کەی خاوەن قەرز لە دەرگات دەدات :

خەتایە ئەم هەموو جەورو جەفایە
لە گێتی بۆحەیاتی موستەعارێ
وەکو تۆ بوون چە فیرعەون و چە قاروون
بە نامەردی بە گڵدا چوونە خوارێ
لە دەوڵەت ئیستیفادەی ئەو کەران چی؟
لەعنەت، لە خۆیاندا خەسارێ

3. کــات : لای فـانی کـات دوو شـێوەی هەیـە کـاتی دەرەوە و کـاتی نـاوەوە ، یـان کـاتی جیهـان/ سروشت و کاتی مرۆڤ و تەمەن. کاتی دەرەوە شتێکی ئەبستراکت نییە ... کات وەك هەر سەرچاوەیەکی دی سەرچاوەیەکی بە کارهێنانە بۆ مرۆڤ سەرمایەیەکی خۆڕاییە ، کات کەرەسەیەکی خاوە تەنیا ئەو کاتە دەبێتە بەرهەمی ماددی کە بـە کاربێت ، گـەر بـە کـار نـەیـە بـەفیڕۆ دەڕوا . بـەم مانایـە کـات لای (فانی)

(زیوی خاوە ) وکانیاوێکە بێ وچان دەڕوا ، هەر بەشە ئاوێك,بەشە کاتێك, کە لەم کانیاوە ڕۆیی و بەکارت نەهێنا کاتی لە دەست چووە ، بەرهەمی فەوتێنراوە سامانی بە فیڕۆ دراوە جیاوازی شارستانی لە نێوان میللەتاندا لە شێوەی کات بە کارهێنان و سوود وەرگرتنیانە لە کات

. ئەم وەختە زێوی خاوە، بێگانە بەو پیاوە
مانندی کانیاوە، دەڕوا بە بێ وچانی

لەم ئاوە تا نەنۆشی، بێ هۆش و گۆش و جۆشی
شێتێکی بێ پەرۆشی، کوێرێکی شارەزا نی

لەم وەختە کۆمەڵی کورد، زۆر بێ بەشن زل و وورد
هەر کەس کە وەختی ون کرد، نێزیکە مل شکانی

کات زیوی خاوە. وڵاتانی بێگانە بوونە گەورە و سەروەر و دەسەڵاتدار بە سەر گەلانی دیکەدا چونکە ئەو کاتە، ئەو زیوە خاوەیان، وەك سامانێکی بێ بن بۆ خۆیان بەکارهێناوە.
کات وەك کانیاوێکە، وەك رووباێکە، کەوایە گرنگ خێرایی و دەست و بردییە لە بەکارهێنانی کات بۆ ئەوەی نەیدۆڕێنیٚ.
گەر تۆ فریا نەکەوی و لە و ئاوەی کاتە نەنۆشی، واتە بەکاری نەهێنیٚ و نەکەیتە بەرهەم و دەست کەوت بۆ خۆت، ئەوە لە مانای ژیان تیٚ نەگەیشتووی و مرۆڤێکی بیٚ هۆش و جۆش و گۆش و کار و دەست و بردت نییە.
کورد بیٚ بەشە لە کات چونکە کات-ناس و کات زان نییە و ناتوانیٚ بیکاتە سوود و دەستکەوت. کات ون دەکا. هەموو بەرهەمە بەرزەکانی مرۆڤ و بناغە ئەقڵییەکانی ژیان ئەنجامی پرۆسەکانی کاتن، لە زیوی خاوەوە، لە ئاوەوە، بۆ دەستکەوتی ماددی و مەعنەوی بەرچا و و بەر دڵ :
دەفتەری فەرهەنگ و زەکا وەختە بەس
گەنجی بەش و ئاوی بەقا وەختە بەس
تاجی هونەر، زللی هوما وەختە بەس
دەرخەری تەحسین و هوما وەختە بەس
وەختە بناغەی خێرەد و ژینی تۆ

وەختە خیای چاوی جیهان بینی تۆ

2/3- کاتی ناوەوە کاتی مرۆڤ :

وەك چۆن کات لە دەرەوە بێ پەروا دێ و دەروا و گەر بەکاری نەهێنی ون دەبێ و تووشی کوێریی و ملشکانت دەکا، کاتی ناوەوەش هەروا دێ و دەوەرێ. کاتژمێری بایۆلۆژیی بێپەروا لێدەدا و بەرنامەی خۆی دەگەیەنێتە خاڵی کۆتایی. بۆیە بیرۆکە و باسی وەك (گەنجێتی) وەك بیرێکی گشت و ئەبستراکت بێ مانایە. لاوێتی مانای (وەختی لاوێتی) .. وەك ئاوە رۆیشتووەکە ، ئەو (کانییەی) ناوەوەش بێ پەروا دەڕوا.. کەواتە گەنجێتی ((گەنجی وەختە)) سەرمایەی وەختەکە بە دەستەوەیە یا باشی بەکاردەهێنی، یا خەساری دەکەی، یا لە کاری بە دو نابەجێدا سەرفی دەکەی.

گەنجە گەنجییت گەنجی وەختە رۆژ و شەو نەیکەی خەسار
حەیفە زۆر ئەو گەنجە بکرێ سەرفی بەدفیعلی و قوومار
شەو مەنوو رۆژ دامەنیشە کەسبی ئینسانی بکە
دڵ بە نووری رۆژی زانین پاك و نوورانی بکە.

سەرمایەی کات کاتی ناوەوە و دەرەوە ئەو کاتە بەرهەم دێنن کەپێکەوە کار بکەن. کاتی ناوەوە بە(رەنج) بەکار دەهێنرێت ئەو (رەنجە) مرۆڤییەش کار لە کاتی دەرەوە دەکا و دەیگۆڕێ بە(کەسبی ئینسانی) واتە بە بەرهەم دەستکەوتێك کە قازانجی مرۆڤی تێدایە.

4- شوێن / زەمین / خاك

شوێن / سروشت / وەك کات حاڵەتی ماددەیە. شوێن، وەك کات، بەڵام بە شێوەیەکی بەرچاو تر، سەرچاوەی ماددی ژیانە. بەڵام گرنگ بۆ مرۆڤ بەشە پەنهانەکەیەتی. خاك پڕە لە کانگە، بەڵام بە هێزیی هۆشیاریی مرۆڤ کە زانینە ئەو سامانە پەنهانە دەبێتە سەرمایە و سەرچاوە و سامانی ماددی. بە بێ زانین زەبەندی سروشت بە شاراوەیی دەمێنێتەوە:

ئەم خاکی نیشتمانە دەشتێکی پڕ لە کانە
تا گەل وەها نەزانە، گەنجێکە زۆر نیهانی

زەمین بۆ هەموو کەسە. دایکی راستەقینەی مرۆڤە. وەك چۆن دایك شیر دەبەخشێ، زەمینیش مەمکی شیری بۆ هەموو کەس هەیە. بەڵام کەسێ ئەو مەمکە ناخاتە دەمتەوە. دەبێ بەزانین و رەنجی خۆت مەمکێ ببینیەوە و شیری لێ بمژی.

برا دایکی حەقیقیمان زەمینە

بەشەر لەو دایکە پیشەی شیر مژینە
ئەگەر کوێر و سەقەت نی چوستو جۆ کە
لە کەس مەخوازە خۆت مەمکێ وەبینە

5. زانین :
زانین خەستەی پەرەسەندنی مێشکی مرۆڤ و هۆشمەندی خرِکراوەی بوونی مرۆڤایەتییە زانین کلیلی کردنەوەی قفلەکانی تەبیعەت و ژیانە. زانین ئامرِازی بەکارهێنانی کات و دەست بە سەراگرتنی شوێنی بە وجودی سروشتی و گەردوونی ئەودیو زەمینەوە جیاوازی دەسەلات و بێ دەسەلات لە جیاواری پلەی زانین دایە.

زانین قودرەتی بێپایانی هۆشمەندیی مرۆڤە و بۆی دەلوێنێ مەحالەکانی ئەمرِۆ بکاتە بەدی-هاتووەکانی سبەینێ:

ئەوانەی وەك هەڵۆ دەفرِن بەجەودا
لە زستانا، لە بارانا، لە شەو دا
لە فەیزی عیلم و زانست و زەکایە
کە ئەو بێ باڵە وەك باڵندە وایە
بە نووری عیلمە رووناکی لە شەودا
بە باڵی عیلمە هاتوچۆ بە جەودا

زانین لە ئەنجامی خرِبوونەوەی ئەزموون و تەجروبەدا بەدی دێت. هەر کاتێ زانین بە دەست هات، توانای ئیشکردن و فەرمان بەجێ هێنان دەدات بە مرۆڤ و ئەزموونەکەی دەوڵەمەندتر و دەوڵەمەند تر دەکات:

فانی دنیای زۆر دیوە، تەجرەبیاتی پەچنیوە
ئەم ئیشەی باش زانیوە: زانین، توانین، فەرمان خۆش.

6. مرۆڤ :
مرۆڤ ئاژەڵە و دەشێ وەك زیندەوەرانی دی بەردەوام لە حاڵەتی وەحشەتگەریی و ژیانی سەرەتاییدا بمێنێتەوە، ئەزموونی شێوە ئاژەڵیانەی مرۆڤ سنورداره و زۆر جار لە حاڵەتی سەرە تایی حەیوانی تێناپەرِێنێ.
تەنیا ئەوکاتەی مێشکی مرۆڤ بۆ ئاستی هۆشیاریەکی باڵا بەدەست دێنێ، ئەوسا مرۆڤ دەتوانێ بەسەر کات و سروشتدا زاڵ بێ و وەك سەرچاوەی ژیان و سەرمایەی پێشکەوتن بەکاریان بێنێ. ئەو مرۆڤانەی

کۆمەڵەکەیان دەگاتە ئەو ئاستە پێشکەوتوون. ئەوانەی نەگەیشتوونەتە ئەو ئاستەی کار و باری ژیان و کۆمەڵ و نیزامی خۆیان بە زانین و زانست ڕێك خەن، بەم شێوە ژیانێکی سەرەتایی مرۆڤانەشیان هەبێ، هەر لە حاڵەتی دواکەوتوویی و دابڕاوی و پارچە پارچەیی و خۆخۆریدا دەمێننەوە. کورد یەکێکە لەو میللەتانەی کە لە ڕۆژی خەلقەوە نەگۆڕاون و بە خۆخۆری ماونەتەوە چونکە لە بەهرە و بە کار بردنی زانین بێ بەری بوون. گەر ئادەم زیندوو بێتەوە سەرسام دەمێنێ کە کورد چۆنی بەجێ هێشتوون نەگۆڕاون و لەبەری زانستیان نەخواردووە.

دەزانێ ئەو کوڕانەی هیچ نەزانی
نەیان دیوە لە داری مەعریفەت بەر
وەك خۆی چۆن بەجێی هێشتوون لە گێتی
وەها برسین و حەیران و قەلەندەر.

تا ئەم دەماری جەهلە لە لەش ڕانەکێشنە دەر
وەحشین و وەحشیانە هەموو شت خەرا دەکەن

**مێژوو:**

کات یان مێژوو خۆی لە خۆیدا قۆناغ و حەتمیەتی پێشکەوتنی نییە. کۆمەڵێ لە زانین و بێبەشی و دابڕا و دەشێ سەدان و تەنانەت هەزاران ساڵ بە دوا کەوتوویی بمێنێتەوە. بەڵام هاتنی زانستی گەلانی پێشکەوتوو و ئەو (جیهانی بوونە) ی بەهۆی زانین و زانست و تەکنۆلۆژیاوە یان دەسەڵاتی سیاسیەوە دروست دەکەن، دەشێ کار بکاتە سەر گەلانی دیکە و بیان جووڵێنێ.

**جیهانی بوون:**

جیهانی بوون لە دوو ڕێگاوە دێتە دی:

یەکەم: تەکنۆلۆژیا. ئەمە یەکسەر شۆڕشگێڕانە سنوورەکان دەسڕێتەوە و جیهان وا لێك نزیك دەکاتەوە هەر وەك کۆڵانی یەك شاربن.

فانی نموونەی بەهێز و کاریگەری (رادیۆ) بۆ سەلماندنی ئەم شۆڕشە گەورەیەی جیهانی بوونە بەکار دێنێ و ئەم وەسفە جیهانکارییەی رادیۆ دەکات :

چاوی ناترسێ لە مردن رادیۆی شیرین وتار
پەند دەرێژێ، حەق دەبێژێ، چی بەسەر سوڵتانەوە

رادیۆ دنیای وەکو باخی بەهەشت رازانەوە
شادومانی و بەختیاری خستە ناو هۆزانەوە

ئەمریکا و ئەورووپا و ئەفریقا و ئاسیای
کردە شارێکی وەها کۆڵان بەسەر کۆڵانەوە

میللەتان ئاگا لە رەنج و بەختیاریی یەکترن
دەنگی ئەمریکایی لاتین دێتە کوردستانەوە

بەشخوراوانی هەژاری خستە سەر رێگەی خەبات
خوێنمژانی موفتە خۆری بردە ناو زیندانەوە

ئەمە وەسفێکی جوان و بەهێزی هێزی جیهانگیری رادیۆیە :

1 . رادیۆ وەك ئامێرێکی تەکنۆلۆژی بچووك و سادەی بێ گیان، بەڵام خاوەن دەنگ و وتاری شیرین، ناترسێ و هەرکەسێ دەستی بگاتە دوگمەی، خزمەتی گەورە و بێ پایان و پاداشتی خۆی پێشکەش دەکا. رادیۆی نەترس هەق چۆن بێ و لە هەر کوێ بێ دەیبێژێ و گوێ ناداتە هەڵوێست و هەڕەشەی سوڵتانەکانی دەسەڵات.

2. رادیۆو بەرنامە جۆر بە جۆرەکانی لە هەواڵ، هونەر، مۆسیقا، گۆرانی، داستان، گاڵتە و گەپ، گفت و گۆ، دایەلۆك و لێکدوان و ، هتد..
دنیای کردۆتە بەهەشتێکی رازاوە و مایەی بەختیاری بەتایبەتی بۆ ئەو مرۆڤ و گەلانەی لە نیعمەت و دەستکەوتە گەورەکانی دیکەی تەکنۆلۆژی بێ بەشن.

3. ئیستا دنیا هەموو بەکیشوەرە مەزنەکانی ئەمریکا و ئەوروپا و ئاسیا و ئەفریقاوە هەمووی وەك کۆلانی بەسەریەکەوەی یەك شاری لێ هاتووە. دنیا بۆتە شارێکی بچووك بەهۆی رادیۆوە. هەر ئێزگەیەکی رادیۆ ئەوەندە بە ئاسانی لە پاڵ یەکەوە دەبیسترێن وەك گەڕەکێکی شارە بچووکەکە وایە.

4. جاران زەحمەت بوو مرۆڤ وا بەئاسانی گوێی لە دەنگ و باسی دراوسێکەی خۆشی بێ. ئێستا بەهۆی رادیۆوە میللەتان لە خۆشی و ناخۆشی و رەنج و بەختیاری یەکدی بە ئاگان. ئێستا دەنگی گەلانی ئەمریکای لاتینی دێتە کوردستانەوە و هەواڵی خەبات و قارەمانێتی ئەوان کوردان هۆشیار دەکەنەوە.

5. بەم هەواڵ و باس و خواسە خۆشی و شۆڕشگێرییانە کە رادیۆ ئازادانە و ئازایانە دەیان هێنێ، بەشخوراوانی گێتی لە یەکتر فێر دەبن و ئیلهام بەیەکتر دەبەخشن و لە ئەنجامدا هەموو گەلانی مافخورا و ریچگەی خەبات و شۆڕش دەگرنە بەر.

ئەم لێکدانەوە فراوان و زیرەکانە نیشانەی تیچگەیشتنی (فانی) یە هەر لە چلەکان و پەنجاکانەوە تەکنۆلۆژیا لە دیاردەی (جیهانی کردن) دا.

دووەم: هۆکاری گەورە و دووەمی بەهێز جیهانی کردن لای فانی ((لافاوی سیاسەتە))..سیاسەت واتە بەر بەرەکانی دەسەڵات لە ئاستی جیهانیدا, وەك لافاوێك وایە کە رۆژ لە دوا رۆژ گەورەتر و گەورەتر و بەربلاوتر دەبێ تا هەموو دنیا دەگرێتەوە و چارەنووسی گەلانی گەورە و بچووك دیاری دەکاتن ئەوانەی نەزانن و لەم دیادەیەی ئەم سەردەمەی جیهان بوونە ناگەن دەبنە قووربانی و دەفەوتێن : لە هۆنراوەیەکدا کە لە ساڵی (1951) دا نووسیویەتی دەڵێ :

ئەم عسرەیە عەسرێکە کەلافاوی سیاسەت بۆ خەونی نەزانان لە هەموو لاوە دەدا جۆش رێکیخە لە زانست و عەمەل کەشتی و پاپۆڕ خۆ دەربەرە لەم گێژە وەکو عالەمی تر تۆش دیارە هەردوو دیاردە و میکانیزمەکەی (جیهانی بوون) واتە تەکنۆلۆژیا و دەسەڵاتی سیاسی و ئیمپریالیستی یەکتر تەواو دەکەن .. بەهۆی زانین و سەرکەوتنی تەکنەلۆژیایەوەیە کە ئەوروپا و (دوایی ئەمەریکا) وەك سەردار و خاوەن دەسەڵات و فەرمانڕەوا بە دنیا دا بڵاوبوونەوە فانی لە چلەکاندا دەنووسێ :

چۆن دەبوو بۆ کەسێ موبەسسەر تێکەڵاوی شەرق و غەرب<br>
نووری زانین گەر نەبایە پێشەوا ئەی نیشتمان<br>
زانین ئامراز و میکانیزمی دەسەڵاتی جیهانی واتە جیهان بوونە :

ئێستا دەیبینی کە ئەوروپا نشینان یەك بە یەك<br>
نەهەنگی شتن و شابازی فەزا ئەی نیشتمـــــان

گەرچی ئەوروپایە ئەسڵی مەرکەزی ئەجدادییان<br>
چوونە ئەمریکا و دێنە ئاسیا ئەی نیشتمـــــان

حـــــاکمی بەحر و بەڕن سوڵتانی خاوەن ئیقتیدار<br>
بچنە هەر جێ گەورەن و فەرمان رەوا ئەی نیشتمان

چەکی ئەتۆمی

لایەنێکی دیکەی گرنگی جیهانی بوونی سیاسەت و پاشەڕۆژی هەموو مرۆڤایەتی دەرکەوتنی چەکی ئەتۆمە لە ماوەی دوای شەڕی جیهانی دووەم. فانی بە ووردی لە هۆنراوەیەکی سیاسی زۆر زیرەکانە دا راستی جیهانی بوونی ئەو چەکەو مەترسییەکەی و بەربەرەکانی و پێکدادانی نێوان رۆژهەلات و رۆژئاوا لێك دەداتەوە: لەکاتی کێشەی نێوان سۆڤیەت و ئەمریکا لە ساڵی 1962 دا فانی هەست بە مەترسی شەڕی ئەتۆمی دەکاو دەنووسێ:

لەگەڵ یەك ( جۆن) و (نیکیتا) ئەگەر سازش نەکەی دنیا<br>
بە نووری زەڕڕە سەر تاپا وەکو کەشتی لە سەر ئاوە

جیهانی بوون لەوە زیاتر دەبێ چ بێ ؟ شەڕی ئەتۆمی هەموو دنیا خاپوور دەکا و وەك تاقە کەشتیە شکاوێکی لێ دێ بە سەر دەریاوە.

هەروا (فانی) ئەو ناکۆکییە جەوهەرییە دەرك پێ دەکا کە لە خودی دیاردەی جیهانی بووندا شاراوەتەوە:

له لایێ عیلم و زانایی خەریکی کەشفی ئەکوانە
له لادیێ حیرص و نادانیی خەریکی جەنگ و رووداوە
بەشەر گەر ئاسمان بگرێ بە باڵی عیلم و بینایی
بەشەڕ هەر ئارەزوومەندە و شەرابی خۆشی خوێناوە.

کارەساتی سروشت:

ئەو هەڵبەستەش کە فانی بۆ (باڕەش) ی نووسیوە دەکرێ بخرێتە خانەی جیهانی بوونەوە، وەك هەرەشەو کارەساتێکی سروشتی کە کار لە هەموو وڵاتان و گەلان دەکاو پێویستی بە چارەسەرییەکی زانستی هەیە. رامکردن و کپ کردنی بەڵای باڕەش بەهۆی زانستەوە ,سوودی هەموو گەلانی جیهانی تێدا دەبێ.